پارێزگاری هەولێر: بە کەمکردنەوەی نرخی نان و سەموون بڕیارماندا بە داشکاندن بە ڕێژەی ٥٠٪ بە هەر لیترێک غاز

پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، لەپێناو ئەوەی ١٠ نان و سەموون بە هەزار دینار بە هاووڵاتیان بفرۆشرێت، بڕیاریانداوە بە داشکاندن بە ڕێژەی ٥٠٪ بە هەر لیترێک غاز بە نانەواخانە و سەموونخانەکان لەگەڵ دابینکردنی هەر فەردێک ئارد بڕیان بە نرخی ٣٠ هەزار دینار.

ئەمڕۆ دووشەممە، ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، لە دوای ناڕەزایی خاوەنی نانەواخانە و سەمونخانەکان سەبارەت بەو بڕیارەی کە پێویستە ١٠ نان و سەموون بکرێت بە هەزار دینار، چەند بڕیارێکیان لە بەرژەوەندی خاوەنی نانەواخانە و سەمونخانەکان داوە.

ئاماژەی بەوەش کرد، بڕیاریان داوە لەمودوا نرخی لیترێک غاز بە ڕێژەی ٥٠٪ داشکاندنی بە بکرێت بە سەرجەم نانەواخانە و سەموونخانەکان.

ئەوەشی خستە روو، هەر فەردێک ئارد بە نانەواخانە و سەموونخانەکان بە نرخی ٣٠ هەزار دینار دابین دەکرێت و لەکاتی کڕینی یەک تەن ئارد فەردێک ئاردیان بە خڕایی پێ دەدرێت.

باسی لەوەش کرد، لە ئەستادا لە سەرجەم نانەواخانە و سەموونخانەکانی شاری هەولێر نرخی ١٠ نان و سەمون بە هەزار دینارە و ئەگەر پابەندی ئەو بڕیارە نەبن رووبەڕووی ڕەکاری یاسایی دەبنەوە